# گەر ئەمجارە هاتییەوە پێنج گۆرانیت بۆ دەڵێم

((بۆ ئەو کەسەی کە لەسەفەرێك مردوو و نەگەڕایەوە ... ئێستاش چاوەڕێیمە بگەڕێتەوە))

**پەسار**



### گۆرانی یەکەم

بگەڕێوە
گۆرانیەکت بۆ بڵێم
گۆرانیەك بۆ هەڵفڕینی چاوەکانت
ئای چەندە بیریان دەکەم
لە نێوانیانەوە بەرەو ژیانێکی بێ درۆ
بەرەوە بێدەنگییەکی بێ کۆتایی
حەز دەکەم گۆرانیەك بۆ چاوەکانت بڵێم
چاوت داخە
رەنگە تواناى گووتنیم نەبێت!!!

### گۆرانی دووەم

لەگەڵ پاییز وەرەوە
من و گەڵا زەردەکان گۆرانیت بۆ دەڵێین
گۆرانیەك پڕ لە رەنگی زەرد
گۆرانیەك پڕ لە رۆمانسییەتی پاییز
کۆرسێك لە پاسارییە بەختەوەرەکان
گۆرانی "ژیانی من بۆ تۆ"
بەدواما دەڵێنەوە

### گۆرانی سێیەم

بۆ ئەم گۆرانیە
مۆسیقایێك دێت و
خۆی لە بەردەم عەرشی تۆدا دەژەنێت
مۆسیقایێك تۆ دەبیتە هۆنراوەکەی
منیش گۆرانیبێژەکەی

**ژیان دەبێتە گۆرانیەك**

**من و تۆ خاوەنینە**

**تۆی ئاسمانی بەردەوام پێت وایە**

**لە من گەورەتری....**

**عاشقی تۆم**

**ژیانێك تەنها تۆ خاوەنی بە**

## گۆرانی چوارەم

**ئەم گۆرانیەشم هەر بۆ تۆ ئامادە کردووە**

**بەڵام هی خۆم نییە**

**((سێو پێگەیی نەهاتی گیانە**

**کە لیمۆ زەرد بوو وەرە**

**نەخۆش کەوتم نەهاتی گیانە**

**کاتی رۆح کێشان وەرە))**

## گۆرانی پێنجەم

**ئەم گۆرانیە گۆرانی کۆتاییە**

**هەموو جەستەم دەخەمە سەر لێوم و**

**لەوێوە وشەکان دەچڕم**

**ئەگەر حەزت کرد**

**بمێنمەوە بۆ ئەوەی**

**گۆرانی زیاترت بۆ بڵێم**

**گۆرانی شەشەم و حەوتەم و........**

**بۆ دەڵێم**